# گوزاریشی رۆژی کۆمه‌ڵه
## هوله ند – رۆتردام

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 7ی مارس ریورەسمی رێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە بە بەشداری سەتان کەس و بەشیوە یەکی گە رم وشکۆدار بەریوە چوو، ئاهەنگەکە کاتژمیری 5ی ئیوارە ڕەدا بە بەخیرهاتنی بەشداربووان بە زمانی کوردی وفارسی وهولەندی و بە سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کریکار ودەقیقەیەک بیدەنگی بوررێزگرتن لە یادی هەمو گیانبەختکردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم دەستی پیکرد وبیدەنگی یە کە بەسروودی پیشمەرگەی کریکارانین کۆمەڵەیزەحمەتکێشانین کوتایی پیهات؛ بە دوای ئەوەدا تالب یوسفی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە وتاریکی پیشکەش کرد، ئەو پاش بەخێرهاتنی بەشداربووان، پیرۆزبایی رۆژی کۆمەڵەی کرد لە هەمو کریکاران وزەحمەتکێشان وگەلی شۆرشگێری وئازادیخوازی کوردستان، و بنە ماڵەی ئازیزیگیانبەختکردوانی کۆمەڵە و حازربووانیری و رەسمەکە ،وتارکە بە لیکدانەوەی بارودوخی ئیستای ئیران وکوردستان و شانوی هەڵبژاردنە کانی خوولی حەوتەمی پارلمانی ئێران وتەحریمی برچاویی ئەم شانوگرییە لە ئاستی سەراسەری وبەتایبەت لەکوردستاندا دەستی پیکرد، پاشان بەلەبرچاوگرتنی بارودوخی داهاتوو و هەڵویستی خەباتگێرانەی جەماوەر ورادیکال بوونەوەی بزوتنەوەی گەلانی ئێران بە ئەرک و وەزایفی کۆمەڵە وهەڵسوراوانی ئەم بزوتنەوەیە ئاماژەی کرد، و هەروەها باسی پێویستی پێکهینانی بەرەی کوردستانی کردو روانگەی کۆمەڵەی لەم بارەیەوە دەست نیشانکردە، لە درێژەی ئەم باسەدا هەر وەها باسی پلاتفورمی پە سە ند کراوی کونفرانسی هەشتەمی کۆمەڵەی بو دیموکراسی لە ئیراندا کرد کە بە دروشمییەکیەتی بو دیموکراسی دژ بە ئیستبدادی ئایینی خوازیاری هاوکاری هەمو هێزە چەپ

**ودیموكرات و پێشكەوتنخوازكان بوو، لە بارەی خەباتی گەلی كورد لە كوردستانی عیراقداوەتی :**

**نەتەوەی كورد لەم بەشەدا دوای سالها خەبات دژ بە سیاسەتی سەركوت وپاكتاوكردنی رەگەزی و جنوساید وئەنفال ماوەی زیاتر لە دە سالە لە بەشێك لە خاكی خویدا نیمچە سەر بەخوی یەكی هەیە بەڵام تا ئیستا مافی ئەم گەلە لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەب و كۆمەڵگەی بە ئیستلاح نیونەتەوەیەوە**

**بەرەسمی نەناسراوە، هەر هەوەها لەم بارەوە وەتی لەچەند مانگی ئەخێردالە كوردستان و هەروەها لە هەندەران بزوتنەوەیەكی جەماوەری بوریفراندوم پیكهاتووە، ئەم بزوتنەوە دەنگی ئیعترازی نەتەوەیەكە كەدەیانەویت هەبوون و موجودیەتی كورد وەك گەلیك بەرەسمی بەناسەریت، و نابیت چارەنووسی ئەم نەتەوە جاریكی تریش لەپشتی پەردە وە ولە مامەلەیەكی دیپلوماتیكیدا وبی ئەوەی نەزەرو هەلویست ودەنگی ئەوان لە بەر چاوبەگێریەت دیاری بەكریت، ودەبی بەرپرسانی ئیستا( ئەنجومەنی حوكمی عیراق پیش ئەوەی كە یاسای بنچینەیی عیراق پەسەند بەكری داخوازی رەوای ئەم گەلە بەنینە ریفراندومیكی ئازاد بە بەشداری چاودێرانی نیونەتەوەیی، ودەنگی خەلكی كورد دەبی بەبیتە ئەساسی هەر چەشنە بریار وتەسمیمیك كە لە داهاتوودا دیەگەرن، ولە كوتایی وتاركەیدا بەبوونەی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنەوە گرمترین پیرۆزبایی كۆمەڵەی بەهەمو ژنانی كوردستان و هەمو ئەو كەسانەی كە بڕوایان بەئازادی و یەكسانیهەیە پێشكەش كرد پاشان لە لایەن هاورییانی بەرێوەبەری ئاهەنگەكەوە چەند شیعر و تراكت بە كوردی و فارسی پیشكەش كرا.**

**بەشی هونەری ری ورەسمەكە هونەرمەندانی بە ناوبانگی كورد ناسریرەزازی و بەكری لەگز رازاندبوویانە وە و جێژنەكە لە نێو شایی وخۆشی بەشداربوواندا سەعات 11 شەو كوتایی پێ هات.**

**كۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتكێشانی كۆردستان ریكخراوی هو لە ند**

8 مارس 2004